دابەشکردنی مووچەی مانگی یەک لە هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات

بەیارە ئەمرۆ چوارشەممە، دابەشکردنی مووچەی مانگی یەکی ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستان دەستپێبکات.

بەپێی ئەو خشتەی دابەشکردنی مووچە کە دوێنێ سێشەممە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێم بە دابەشکردنی مووچەی مانگی یەک بڕیکردووەتەوە، ئەمڕۆ چوارشەممە 5ـی 2ـی 2025 مووچەی خانەنشینانی شارستانی، هەروەها خاوەن پێداویستیی تایبەت ز زیندانییە سیاسییەکان دابەشدەکرێت.

هەر بەپێی لیستەکە، سبەینێ پێنجشەممە 13 وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی دیکە مووچە وەردەگرن، ئەمەش لەکاتێکدا تاکوو ئێستا حکومەتی هەرێم مووچەی مانگی 12ـی ساڵی ڕابردوو دابەش نەکردووە.